Scotland’s Census
Shaping our future
A’ dealbhadh ar n-àm ri teachd

# ڕێبەرێک بۆ سەرژمێری دانیشتوانی سکۆتلەندا 2022



سەرژمێری دانیشتوانی سکۆتلەند.
ئەنجامدانی کارەکان بە ڕاست و دروستی، **بە پڕکردنەوەی** دەست پێ دەکات.

بچۆرە سەر **census.gov.scot**



# سەرژمێری دانیشتوان چییە؟

**سەرژمێری دانیشتوانی سکۆتلەندا بریتییە لە ژماردنی فەرمی هەموو کەس و خێزانێک لە وولاتدا. ئاسایی هەموو 10 ساڵ جارێک ڕوودەدات. سەرژمێریەکە پرسیار دەربارەی تەمەنی خەڵک، ڕەگەز، ماڵ و بارودۆخی ژیان، کارکردن، خوێندن و بڕوانامە و هەروەها نەژاد دەکات.**

پڕکردنەوەی سەرژمێریەکە گرنگە چونکە وەڵامەکان زانیاری پێویست بۆ Scottish Government و چەندین لایەنی تری تایبەت بە دابینکردنی خزمەتگوزاری دەستەبەر دەکەن بۆئەوەی بتوانن بڕیاری گرنگ بدەن کە کاریگەریان لەسەر ژیانی خەڵک و کۆمەڵگەکان دەبێت.

ئەم بڕیارانە بریتین لەوەی چۆن پارە لە خزمەتگوزاریە گرنگەکانی کۆمەڵگەکانماندا خەرج دەکرێت وەک پەروەردە، نیشتەجێبوون، چاودێری تەندروستی، ڕێگاوبان، هێڵی شەمەندەفەر، و هەروەها چەندین خزمەتگوزاری تریش.

## کەی ڕۆژی سەرژمێریە؟

ڕۆژی سەرژمێری یەکشەممە 20 ی ئازارە، بەڵام دەتوانیت هەر کاتێک نامەکەت پێگەیشت لەسەر هێڵی ئەنتەرنێت سەرژمێریەکەت پڕبکەیتەوە. بەڵام پێویستە وەڵامەکانت لە ڕۆژی یەکشەممە 20ی ئازار ڕەنگدانەوەی خێزانەکەت بێت.

## سەرژمێریەکە چۆن پڕبکەمەوە؟

دەتوانیت سەرژمێریەکەت لەسەر هێڵی ئەنتەرنێت یان لەرێی داواکردنی کۆپیەکی کاغەزەوە پڕبکەیتەوە. لە کۆتایی شوباتی 2022، هەموو خێزانێک نامەیەکی بەدەست دەگات کە ڕێنمایی تێدایە سەبارەت بە چۆنیەتی پڕکردنەوەی سەرژمێریەکەی لەسەر هێڵی ئەنتەرنێت.

سایتی پڕکردنەوەی سەرژمێریەکە لە 28 ی شوباتی 2022 وە بەشێوەی ڕاستەخۆ دەکەوێتە کار.

**1.** سەردانی [www.census.gov.scot](http://www.census.gov.scot) بکە

**2.** کلیک لە **START** بکە

**3.** کۆدی دەستپێگەیشتنی ئینتەرنێتی بێهاوتا بەکاربێنە لەو نوسراوەوە کە بەدەستت گەیشتوە.

**4.** شوێن ڕێنماییەکانی سەر شاشەکە بکەوە.

ئەگەر پێویستت بە داواکردنی کۆپیەکی کاغەز یان کۆدی دەستپێگەیشتنی ئینتەرنێتی بێهاوتا بوو. سەدانی [census.gov.scot](http://census.gov.scot) بکە یان تەلەفۆن بۆ هێڵی یارمەتی بکە بە ژمارە **0800 030 8308**.

## پێویست ئەکات سەرژمێریەکە پڕبکەمەوە؟

بەڵێ هەموو خێزانێک لە سکۆتلەندا بەرپرسیاریەتیەکی گەورەی لەسەرە بۆئەوەی ڕاپرسی سەرژمێری پڕبکاتەوە ئەمە گرنگە بۆ دڵنیابوون لەوەی سەرژمێریەکە زانیاری تەواو و وورد لەسەر هەموو گەلەکە دەستەبەر دەکات.

ئەو کەسەی کە لەماڵێکدا دەژی، خاوەنیەتی، بەکرێی گرتووە یان کرێی خزمەتگوزاریەکانی ماڵەکە دەدات بەرپرسە لە پڕکردنەوەی سەرژمێریەکە. ئەگەر لە خانەی پیری، بەشی ناوخۆیی، یان خانەی تردا دەژیت و تەمەنت سەروو 16 ساڵە، پێویستە لەسەرت سەرژمێری تاکەکەسی پڕبکەیتەوە و بەشداری لە ڕاپرسی هاوبەشی دامەزراوەکەشدا بکەیت.

## ئەی ئەگەر لە پرسیارەکان تێنەگەیشتم؟

هەر کە سایتی پڕکردنەوەی سەرژمێریەکە (census.gov.scot) لە 28 ی شوباتەوە بەشێوەی ڕاستەوخۆ کەوتەکار ، دەتوانیت سەردانی بکەیت و ڕێنمایی ووردت سەبارەت بە چۆنیەتی وەڵامدانەوەی هەر پرسیارێک بەم زمانانەی خوارەوە دەستبکەوێت. هەروەها هاوکاری زمانی تر لەڕێی هێڵی یارمەتیەکەمانەوە بەردەستە بە ژمارە **0800 030 8308.**

| | | | |
|---|---|---|---|
| **عەرەبی** | **گایلی** | **ماندارین** | **ڕوسی** |
| **کانتۆنی** | **هیندی** | **پۆڵەندی** | **سلۆڤاکی** |
| **چیکی** | **کوردی** | **پونجاپیi** | **تورکی** |
| **فارسی** | **لیتوانی** | **ڕۆمانی** | **ئوردو** |



## ئەی ئەگەر کەمئەندام بووم؟

لەگەڵ ژمارەیەک لە گروپی کەمئەندامان کارمان کردووە بەمەبەستی دڵنیابوون لەوەی ئەوەندەی بکرێت هەموو کەس دەستی بە سەرژمێریەکە بگات. ئەگەر پێویستت بە هاوکاری یان کۆپیەکی ڕاپرسیەکە بە شێوەیەکی جیاواز هەیە تکایە پەیوەندی بە سەنتەری پەیوەندیەوە بکە یان سەردانی census.gov.scot بکە. هەروەها دەتوانیت داوا لە چاودێرەکەت، هاوڕێیەکت، یان خزمێکت بکەیت بۆئەوەی یارمەتیت بدات سەرژمێریەکە پڕبکەیتەوە.

ئەگەر کێشەی بیستن یان قسەکردنت هەیە، تکایە خزمەتگوزاری نامەی relay بەکاربێنە لەڕێی **18001 0800 030 8308.**

## ئایا زانیاریەکانی سەرژمێریەکەم پارێزراون؟

بەڵێ پێش ئەوەی زانیاری هەر سەرژمێریەک بڵاوبکەینەوە، هەموو زانیاریەکی کەسی لادەبەین بەمەبەستی دڵنیابوون لەوەی ئەو کەسانەی وەڵامیان داوەتەوە لەڕێی وەڵامەکانیانەوە ناناسرێنەوە. زانیاری سەرژمێری بۆ ماوەی 100 ساڵ بە بڵاونەکراوەیی دەمێنێتەوە و حکومەت هەوڵ دەدات کەمترین کەس دەستی بەو زانیاریانە بگات.

## ئەی ئەگەر هێشتا پێویستم بە هاوکاری هەبوو؟

سەنتەری پەیوەندیمان لە 28ی شوباتەوە دەکرێتەوە و پەیوەندیکردن لەهەر تەلەفۆنێکی زەمینی یان مۆبایلەوە بێبەرامبەرە بە ژمارە **0800 030 8308.** هەروەها دەتوانیت لەڕێی webchatەوە پەیوەندی بکەیت لەڕێی census.gov.scot

**سەرژمێری دانیشتوانی سکۆتلەند.**
**ئەنجامدانی کارەکان بە ڕاست و دروستی، بە پڕکردنەوەی دەست پێ دەکات.**